هەموو مردوویەک کردەوە چاکەکانی مۆری لەسەر دەدرێت (دەوەستێت) جگە لەو کەسەی لە پێناو خوای گەورە لە پاسەوانیکردندایە (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان)، کردەوەکانی بەردەوام زۆر دەبێت هەتا ڕۆژی قیامەت، ولە فیتنە وتاقیکردنەوەکانی نێو گۆڕ دەپارێزرێت

لە فەزاڵەی کوڕی عوبەید وسەلمانی فارسی وعوقبەی کوڕی عامری جوهەنیەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو مردوویەک کردەوە چاکەکانی مۆری لەسەر دەدرێت (دەوەستێت) جگە لەو کەسەی لە پێناو خوای گەورە لە پاسەوانیکردندایە (بۆ پاراستنی موجاهیدان ومسوڵمانان)، کردەوەکانی بەردەوام زۆر دەبێت هەتا ڕۆژی قیامەت، ولە فیتنە وتاقیکردنەوەکانی نێو گۆڕ دەپارێزرێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەموو مردوویەکی مسوڵمانان کردەوەیەکی کۆتایی دێت وپاداشتی نوێی بۆ نانووسرێت (ئەگەر لەو کردەوانەی ئەنجام نەدابێت کە پاداشتیان بەردەوامە وەکو: دروستکردنی مزگەوت وبڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی وئەوانی تر)؛ وهەروەها لەو کردەوانەی کە لە پاش مردنیش خودا پاداشتی بەردەوام بۆ ئەنجامدەرەکانی دەنووسێت ئەو کەسەیە کە لە سەنگەرەکانی جیهاددایە بۆ پاراستنی مسوڵمانان وموجاهیدان لە دەستدرێژی دوژمنان، وخودا ڕێزی لێدەنێت بە بەردەوامبوونی پاداشتی کردەوە چاکەکانی وهەروەها لە فیتنە وتاقیکردنەوەکانی نێو گۆڕ دەپارێزرێت بۆیە فریشتەکان پرسیاری لێناکەن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2756